# کۆنگرەی ئەیپیک : ملیتاریزم و نارەزایەتی...!

(پانۆرامای هەفتەی کۆنگرەی ئەیپیک لە سدنی)

(موزەفەر عبدالله)
mozafar_as@yahoo.com




APEC ئەیپیک کە کورت کراوەی یانەی هاوکاری ئابوری ئاسیاـ پاسیفیکە ڕۆژەکانی 2 تا 9 ئەیلول بۆ ماوەی هەفتەیەک لە شاری سدنی سیازدەهەمین کۆنگرەی ساز دا . ئەیپیک یەکەمین کۆنگرەشی لە ساڵی 1989 لە شاری کانبیرای پایتەختی ئوستراليا بوو .سەرەتا تەنها 12 دەوڵەت ئەندام بوون لەم ڕێکخراوەیە، بەڵام ئیستا یانەی ئەیپیک 21 وولات تیایدا ئەندامن. لە کۆبونەوەکانی لوتکی ئەیپێک وێرای کۆبونەوەی سەرۆکی وولاتەکان هاوکات زنجیرەیەک کۆبونەوەی تر لە لایەن وەزیری خارجی و ئابوری و دارایی و خاوەن کەمپەنی و بزنسە گەورەکان ساز دەکرێت .لەئەجندای کۆبوەنەکانی ئەمساڵ فۆکس کرابوە سەر مەسەلەکانی زیاتر پێشخستنی ئابوری بازار و بازرگانی ئازاد و ئاسایشی ناوچەکەو بەدی هینانی کاری زیاتر و بەرزبونەوەی گەرمی گۆی زەوی.

بەر لە هاتنی سەرانی ئەو وولاتانە، بە تایبەتی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا، شاری سدنی گەورەترین ڕەوشی میلیتاریستی بەخۆیەوە بینینی. بە پیی قسەی چاودێران هیچ کات ئەم وولاتە ئەو ڕەوشە میلیتاریستی یەی بەخۆیەوە نەبینی یەوە.بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەم کۆنگرەیە 330 ملیۆن دۆلار سەرف کرا بوو .زیاتر لە 5 هەزار پۆلیس و سەرباز و دەزگای ئەمنی ئازیو بە شێوەی جۆراو جۆر ڕژابونە ناو شەقامەکان و سەربانی بینایە بەرزەکان.دەیان ئامرازییان بەکار هێنان بوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی وەزعە .هەر لە گەڕان بە ئەسپ و ماتۆر و سەگ و پاسکل و پیادەوە تا سورانەوەی چەندین کۆپتەر بەسەر شارەوە. هەروەها ئامادە کردنی دەیان پاسی تایبەت بە زیندان و نوێترین ماشینی بەرەنگاربونەوە بۆ لێدان و ئازاردانی خۆپیشاندەران .17 کیلۆمەتر پەرژینیان لە ئاسن و سمنت بە دەوری ئەو هوتیلانە دروست کردبوو کە شوێنی کۆبونەوەو حەوانەوەی بەشدار بوان کۆنگرە بوو.چەند ڕۆژ بەر لە بەستنی کۆبونەوەکان پۆلیس بە شێوەی جۆراو جۆر هەڕەشەی لە خەڵکی دەکرد کە بەشداری خۆپیشاندان نەکەن . بە رەسمی داوایان لە قوتابخانەکان و زانکۆکان و دام و دەزگانی تر کردبوو کە نەخۆیان و نە ڕۆڵەکانیان نابیت بەشداری خۆپیشاندان بکەن. زۆربەی شەقامەکان داخرابون .ئەو هەفتەیە شاری سدنی دەتوت کودەتای سەربازی تیا کراوە، یاخود شەر و جەنگ باڵی بەسەردا کیشاوە وەک شارەکانی بەغداو بەسرەو کابول ..هتد .

ئەمە جگەلەوەی هەموو ریگایەکی یاساییان گرتبوە بەر بۆ یاساغ کردنی خۆپیشاندان وە سەرنجام دادگا بە کۆمەڵی شەرتو شورتەوە مۆڵەتی یاسایی دا بە خۆپیشاندان.بەلام ئەوەی سەرنج راکیش بوو لەم رەوشە ئەمنی و میلیتاری یە و پوچی

نیشان دا ئەوەبوو کە 11 کەس لە تەلەفیزیۆنی ئەی بی سی لە بەرنامەی ـگەران بە دوای هەموو شتیکداـ کە بەرنامەیەکی گالتە ئامیزە،بە سواری 3 ماشینی ئۆزمۆبیلەوە بە ئالأی کەنەداوە وەک ئەوەی نوینەری حکومەتی کەنەدا بن بۆ کۆنگرە توانیان دزە بکەنە ناو ئەو هەموو پۆلیس و پاسەوانەوە بگەنە نزیک شوینی جۆرج بۆش کە یەکیکیان خۆی کردبو بە ئوسامە بن لادن.ئەم کارە بۆە مایەی گاڵتە پی کردنی خەڵکی بەجدیەتی ئەم ڕیو شوینە ئەمنی و ملیتاری یە.

لە ڕووی یەکی تریشەوە بەر لە مانگیک لە کۆنگرەکە حزب و ڕیکخراوە چەپەکانو پاراستنی ژینگەو کۆڕو کۆمەڵەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤو پەرنابەرانو ریکخراوەکانی ژنانو قوتابیانو یەکیتی یە کریکاری یەکان کە لە هاوپەیمانی ستۆپ بۆش کواڵەیشەن کۆببونەوە بڕیاری خۆپیشاندانیان دا لە دژی ئەو کۆنگرەیە بە گشتی و هاتنی بۆش بۆ ئوستراليا بە تایبەتی.چەند هەفتە بەر لە کۆنگرە لە شارەکانی سدنی –ماڵبۆرن،برس بن، ولنگۆنگ ،نیو کاسل و چەندین شارۆچکەی تر ئامادەکاری کرابوو بۆ خۆپیشاندان.ڕۆژانە لەو هەفتەیەدا بە شیوەی جۆراوجۆر ڕپیوان و میتینگی ناڕەزایەتی ساز دەکرا .زیاترلە 80 کەس لە خۆپشاندەران دەستگیر و زیندانی کران و درانەدادگا.بەلأم شەممە 8 مانگ دیاری کرابوو بە خۆپیشاندانی سەراسەری.لە دژی بۆش ز جەنگی ئەمریکا لە عیراق . لەمرۆژەدا ویرای شاری سدنی لەو شارانەی تریش کە ئاماژەمان پی کرد خۆپیشاندن ساز کرابوو.لە شاری سدنی زیاتر لە 10 هەزار کەس بەشدار بوون .لەم خۆپیشاندانە چەندین کەس دەستگیر کران و ئازار دران هاوکات 3 پۆلیس کەوتنە بەر هیرشی خۆپیشاندەران و بریندار کران. ئەوانش زیاتر ئەو پۆلیسانە بوون کە زۆر دڕاندانە ئازاری خۆپیشاندەرانیان دەدا.بە راستی لەم ڕۆژگارانەدا هەر مرۆڤیکی ئازادیخوازو یەکسانیخواز زیاتر بۆی دەردەکەویت کە بە فعلی سیستەمی سەرمایەداری بۆچی ئەم هەموو دام و دەزگا پۆلیسی و سەربازی و ئەمن و موخابەراتەی دامەزراندوە.




هەر لەم خۆپیشاندانەدا چەندین کەس لە ژوڕنالیست و ئەوانەی بۆ چاودیری پاراستنی ماف مرۆڤ لەم خۆپیشاندانە ئامادە بوون کەوتنە بەر ئازاری پۆلیس.

بەلأم ئەگەرچی ئەم زنجیرە خۆپیشاندانانە لە دژی کۆنگرەی ئەیپیک پر لە کەمو کوری و لاوازی سیاسی و کۆمەلأیەتی و عەمەلی هەمە لایەنە، بەلأم ئەوە نیشان دەدات کە خەڵکی لە روویەکەوە چەندە نارازین بە هەموو ئەو دام و دەزگا ئابوری و سیاسی و ئیداری یانەی کە ئەمرۆ سیستەمی سەرمایەداری بەسەر خەڵکی دا سەپاندویانە.وە لە روویەکی تریشەوە ئەوە نیشان دەدات کە ئەم سیستەمە و سەرجەم دام و دەزگاکانی و کۆرو کۆبونەوەکانیان و شەرو داگیرکاری کە هەموی بە ناوی خەلکەوە دەکەن و گوایە بۆ قازانجی زیاتری خەڵکە، بەلأم خەڵک بە گشتی و کریکاران بە تایبەتی بە سادەیی ئەوە تیدەگەن کە ڕیک بە پیچەوانە ئەم سیستەمە باریکی گران و هۆکار و مایەی چەوسانەوەی مرۆڤە .وە ئەم واقعیەتە لە دەیان دروشم و خواستی خۆپیشاندەران دەبینرا کە دەیان ووت: ئیمە باج دەدەین بەلأم بۆش و هاوەرد بۆ سەرکوتی خۆمان بەکاری دینی.شایانی ئاماژە پی کردنە کە لە نیو هەموو ئەو کەسانەی کە وتار و قسەوباسیان بۆ خەڵکی دەکرد، قسەوباسی (پیتەر) کە نوینەری یەکیتی کریکارانی کەشتیڕانی بوو واقعی سیستەمی سەرمایەداری و پڕوپاگەندەی سەرانی وەک بۆش و هاوەردی دەردەخست لە روانگەی ئاسۆی سۆسیالیستی کریکارییەوە.

بەم شیوەیە خەڵکی خۆپیشاندەر لە ئوستراليا ،بە تایبەتی شاری سدنی ،جاریکی تریش ناڕەزایەتی خۆیان بەرانبەر

کۆنگرەی ئەیپیک و هاتنی بۆش  بۆ ئوسترالیا دەربڕی کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا ناڕەزایەتی خەڵک بوو بەرانبەر شەڕو داگیری کاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق .



**9 سیپتەمبەری 2007**